# پەرلەمانی شەهید. . !

نورەدین سەعید وەیسی

پەرلەمانی کوردستان کەپارتی ویەکێتی بە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ناوی دەبەن، زیاتر لە ریمۆنت کۆنترۆڵی دەستی مەکتەبی سیاسی پدك وینك دەچێ هەتا ئەنجوومەنێکی گەلێری راستەقینە کەنوێنەری خەڵکی کوردستان بێ، هەربۆیەش پەرلەمان-تێرەکانی کوردستان کە مەلاوشێخ وئاغاوکۆنە موستەشارەکانی بەعس بەشێکی سەرنجراکێشی پێکدەهێنن، بەدرێژایی تەمەنی پەرلەماندا لەبەرامبەر رەوتارەکرێتەکانی ئەو دووحیزبەدا دەنگ ودەستیان هەڵنەبڕیووە، تەنانەت لەکاتی شەڕی نێوخۆشدا خێراچوونە بەرەکانی شەڕەوەوبگرە لەتاڵانکردنی ماڵی یەکتریش نەسڵەمینەوە.

کەیەکێتی ساڵی 1995 دەستی بەسەرهەولێرداگرت، خێرا پارتی پلەی شەهادەتی بەپەرلەمان بەخشیو کتێبێکی چەند لاپەڕەیی بەناوی ( (پەرلەمانی شەهید) ) دەرکرد کەپێموابێ تاهەنووکەش لەکتێبخانەکانی هەولێرودهۆکدا دەفرۆشرێو نازانم لەدەسگای شەهیدیشدا مووچەیان بۆ بڕیەوە یان نا، جا چونکە شەهیدەکانیش نامرن هەربۆیە لەگەڵ 31ی ئابدا پەرلەمان لای پارتی بووە تاکە سەرچاوەی شەرعییەت لەکوردستاندا.

ئەز بۆخۆم شانازی بەپەرلەمانێکەوە ناکەم کەئەندامەکانی پاڵەوانی شەڕی نێوخۆبووبن ودەستیان چووبێتە سەروماڵی یەکتروخۆیان لەوەزیرو بەرپرسەکانی حکومەت گەندەڵتربن، هەربۆیەش بریا پەرلەمانی کوردستان هەربەشەهیدی بمابایەوەولەنۆژەنەوە پەرلەمانێك ئاوابکرایە کەنوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان بێ نەك بووکە شووشەیەکی دەستی پارتیویەکێتی کەبەکەیفی خۆیان شەهیدوزیندووی بکەنەوە. !

Nuradinwaisi@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.